# لەناو شەپۆلەکانی زەریادا

سیروان کاروانی

بۆ 08ی03

لەگەڵ هەڵمەتەکانی زەریادا
لەم شەپۆل بۆ ئەو شەپۆل
گیر دەخۆمەوە
هاورێ لەگەڵ تەوژمە ترسناکەکانیدا
دەکەومە ناو گێژاوی مەندەکانەوە
شینایی زەریا و سەوزایی شەپۆل
تارمایی تۆقێنەر و ڕەشایی دڵۆپ
دەوروبەریان هەراسان کردووە
کزەبای سارد لە پشتی شەپۆلەکانەوە
ناوبەناو هەڵدەکەن
ئاوازە سەرسووڕهێنەرەکان
لە گشت لاوە دەبیسرێن و
ئەوەی خورپەی ترسێنەر
بە ناخی دڵ ناکات
هەر کەنارەکانن نەرم خۆ دەنوێنن
ئاسمانێکی بەرین دیارە
جێگەی تەنها مەلێکی لێ نابێتەوە
هەست دەکەم لە تاڤگەیەکی
بە خورەخوڕ نزیک دەبمەوە
تاڤگەیەکی هێندە بالآبەرز
ئەگەر پێیدا شۆڕ ببمەوە
هەپرون بە هەپرون دەبم
کۆلکەدارێک بەلامدا دێت و
خۆمی پێوە دەگرم
کۆلکەدار سەرێکی ئەستوور و
سەرێکی باریک کە هێندە سووکە
توانای نییە هەڵمگرێ

لەم کاتەدا دەجووڵێمەوە و
ترووسکاییەک دەبینم
هەستێک ڕادەگرم
گوێم لێیە دەنگی هەنگاوی پێ دێ
تێکەڵ بە دەنگی شەپۆل و
کزەبا و
ڕەنگەکان دەبێ

**گوێم لێیە زەنگی دەرگا**
**تێکەڵ بە ئاوازە**
**سەرسوورهێنەرەکان دەبێ**
**بە گرمەی هەناسەم**
**تەواو وەئاگا دێم و**
**هێندە لەپڕ قیت دەبمەوە**
**بە ترپەی دڵی تەنگم**
**سەرتاپای لەشم دەلەرزێ**
**هێشتا لە نێوان خەون و بێداریدام**
**دەمەوێ دڵم لەسەر لەپی**
**دەستەکانمدا بگرم و**
**نەرم نەرم هێوری بکەمەوە**
**دڵم هێشتا توند لێدەدا**
**بەڵام من هەست دەکەم**
**شەپۆلەکان هێواش هێواش**
**ون دەبن و**
**دەنگی هەنگاوەکانی پێ**
**زیاد دەکەن**
**بەڵام من هەست دەکەم**
**دەنگە ترسناکەکان**
**کز دەبن و**
**زەنگی دەرگا وەک خۆی لێدەدا**
**سەرێک دەلەقێنم**
**دەستێک بە پرچی ئاڵۆسکاومدا دەهێنم**
**چاوەکانم هەڵدەگلۆفم**
**دێم و**
**لەمدیو دەرگاوە نزیک دەبمەوە**
**دەرگا دەخزێنمە سەر پشت**
**زەق تەماشای دەرەوە دەکەم**
**تارمایی و**
**تاریکاییی زەریا و**
**ترسی شۆڕبوونەوە دەبن بە خەون**
**لەو چاوتروکانەی لەپێشمدا**
**ڕووناکیی ئاسمانی ژنێک بەدی دەکەم!**

2007-03/08